" دەرسیم دیبەگەیی "لەوەلآم بە پرسیاری دەنگەکان
لە حەڤدەهەمین ساڵ ڕۆژی تراژیدیای ئەنفال

دەنگەکان : ئایا توانراوە ئەنفال وەک ئەوەی کە هەیە , نەک ئەوەی کە دەسەلآتداری کوردی ئەمڕۆ دەیەوێت , بکرێت بەمێژوو ؟

دەرسیم دیبەگەیی/نەخێر ، پێم وانییە ئەوە کرابێ ، چونکە دەسەلآتدارانی کورد خۆیان نەیان ویستووە ئەوە بکەن گاهێ لەترسی دوژمنان و گاهێ لەبەر خاترو نەڕەنجاندنی دڵی دوژمنەکانمان ، لەهەمان کاتیشدا نەیانهێشتووە هیچ ڕێکخراوێک یان لایەنێکی تری کوردستانی بەوکارە هەڵسێت ، چونکە ئەوان هەرکارێک ئەگەر خۆیان پێیان نەکرێت یاخود نەیانەوێت بیکەن ، ئەوە هەرگیز ڕێگای لایەنێکی تر نادەن ئەو کارە ئەنجام بدات.

دەنگەکان : ئەو ئەرکانە چین لەسەر شانی ڕۆشنبیری کورد لە نزیک و دوورماوەدا , سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال ؟

دەرسیم دیبەگەیی /ئەرکی ڕۆشنبیری کورد ئەوەیە کە هەموو ئەو کارەساتانەی کە بەسەر مرۆڤی کورد داهاتووە بیگەیەنێت بە نەتەوە یەکگرتووەکان ، یەکێتی ئەوروپی ، بەڕای گشتی جیهانی ، ڕێکخراوەکانی ماڤی مرۆڤی جیهانی و ئەوروپی و تەواوی میدیاکانی جیهانی. هەروەها پێویستە لەسەر ڕۆشنبیران ، کە ئەو کارەساتانەی کە بەسەر میللەتەکەمان هاتووە بکەن بە دوکۆمێنت لەڕێگای نووسینی پەرتووک و وتار بەزمانی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین یاخود گێڕانی کۆڕو سیمینار. ڕۆشنبیران پێویستە لەهەوڵی ئەوەدابن کە کارەساتی ئەنفال لەبیر نەچنەوەو هەردەم هەوڵی ڕسواکردنی تاوانبارانی ئەنفال بدرێت.

دەنگەکان : دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە ؟

دەرسیم دیبەگەیی /بەڵێ ، پێم وایە بیرۆکەیەکی سەرکەوتوو دەبێت ، ئەگەر بێتوو دەستنیشانکردنی ئەو ڕۆژە بەڕێککەوتنی هەموو لایەک بێت لەسەری.